ئەگەر یەکێکتان لە شەودا هەستا (بۆ نوێژکردن)، وخوێندنی قورئان لەسەر زمانی قورس بوو، وئاگای لێنەبوو کە چی دەخوێنێت؛ ئەوا با ڕاکشێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان لە شەودا هەستا (بۆ نوێژکردن)، وخوێندنی قورئان لەسەر زمانی قورس بوو، وئاگای لێنەبوو کە چی دەخوێنێت؛ ئەوا با ڕاکشێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئەگەر بەندە شەونوێژی ئەنجامدەدا، خوێندنی قورئان لەسەر زمانی قورس بوو؛ بەهۆی باوێشک وخەو هەتا گەیشتە حاڵەتێک نەزانێت کە چی دەڵێت، ئەوا پێویستە لەم حاڵەتدا ڕابکشێت هەتا ئەم حاڵەتە نەمێنێت، بۆئەوەی وتەی خوای گەورە نەگۆڕێت بۆ شتێک کە دروست نییە بووترێت لە پێچەوانە کردنەوەی ماناکان، ولادان لە وشەکان، لەوەیە نزا لە دژی خۆی بکات، ولە گێڕانەوەیەکی تردا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إذا نعس أحدكم في الصلاة فليَنَم، حتى يَعلم ما يَقرأ) [رواه البخاري] واتە: (ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات لەکاتی نوێژدا؛ ئەوا با بخەوێت، -هەتا کاتێک نوێژ بکات- بزانێت وئاگای لێبێت کە چی دەخوێنێت).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3734